## شانیا بۆ گوڵان:

# زۆر گەشبین و دڵخۆشم بە ژیان



شانیا بە ڕەچەڵەک کچێکی عەرەبە، کەچی بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێ ئەمەش لە بواری هونەری تا ڕادەیەک سەرکەوتنە، ماوەیەک بوو خەریکی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی تایبەتی خۆی بوو کە لە چەند گۆرانییەک پێکدێت،کەچی ئەو بەرهەمەی بڵاونەکرایەوە و هۆکارەکانی بڵاو نەکردنەوەیشی شاراوە بوون، بەڵام ئێستا بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە، بۆ باس کردن لە بەرهەمەکەی و چەند پرسێکی دیکە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.

***دوا هەواڵی ئەلبوومەکەت چییە؟**

- ئەلبوومەکـــەم هەموو کارەکانـــی تەواو بووە و لەجەژن بڵاو دەبێتەوە.

***بۆچی ئەوەندە دواکەوت؟**

- بەهۆی نەبوونی هاوکارییەوە بوو، پێشـــتریش وتومە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی یەکسان هاوکاری هونەرمەندان ناکات، ئەمە بووە هۆکاری دواکەوتنی ئەلبوومەکەم، بەڵام ئێستا بە هاوکاری کۆمپانیای دومـــوز ئەلبوومەکەم بڵاو دەکەمەوە و زۆربەی خەرجی ئەلبوومەکەم لە ســـەر شانی خۆم بووە.

***پێت وایە پێشتر بڵاوکرابایەوە باشتر نەبوو؟**

- بەڵێ باشـــتر بـــوو، بەڵام ئێســـتاش کاتێکی گونجاوە.

***چەند گۆرانی کلیپ دەکەی؟**

- زۆربەی هونەرمەندە جیهانییەکان ئەلبوومەکانیان زیاتر لە پازدە گۆرانییـــە و تەنها یەک گۆرانی کلیپ دەکەن، خۆشـــم تەنها یەک گۆرانیم کلیپ کـــردووە و ئێســـتا بەنیـــازی کلیپکردنی هیچ گۆرانییەکی دیکە نیم.

***کلیپەکە لەکوێ وێنەی گیراوە و دەرهێنەرەکەی کێیە؟**

- لەناو هەولێر و دەوروبەری کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، محەمەد جەمیل دەرهێنەری کلیپەکەیە،من زۆر کلیپەکەم پێ جوانە.

***ئەی تێکست و ئاوازی گۆرانییەکان؟**

هۆنراوەکان لەلایەن شاعیران:مامۆســـتا شـــێرکۆ بێکـــەس، دکتـــۆر ئـــاراس عەبدولکەریم،ڕەنج ســـەنگاوی، هەڵکـــەوت زاهیر، حەمەســـەعید ئیبراهیم،هێمـــن قەســـرەیی، دەربـــاز یونـــس نووسراون،گشـــت گۆرانیەکانیش لەئاوازی کاک هەڵکەوت زاهیرە.

***چیرۆکی کلیپەکە باس لە چی دەکات؟**

- کلیپەکە خۆی موفاجەئەیە، بەشـــێوەیەکی زۆر جـــوان کاری مۆنتاژ و وێنەگرتنـــی بۆ کراوە، ناوەرۆکی کلیپەکە خۆی لە ڕێزگرتنم لەئافرەتی کورد و مێژووی ئافرەتی کورد دەبینێتەوە.

***دوای بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکە نیازی چیت هەیە؟**

- وەک وتـــم لەجەژن ئەلبوومەکـــە بڵاو دەبێتەوە، هەمان کات لەجەژن لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەردەکـــەوم و بەرنامەیەکـــی زۆر خـــۆش و سەرنجڕاکێشە، دڵنیام جەماوەر و بینەران زۆر بە دڵیان دەبێت.

***ئەی چیت کردووە بۆ ئەوەی کۆپی نەکرێت؟**

- بیرمان لەوە دۆزینەوەی چارەسەرێک کردۆتەوە بۆ ئەو بابەتە، داواشم لە هەموو کەس ئەوەیە سیدی ئۆرجینـــاڵ بکڕن نەک کۆپی تاکو ماندووبوونمان بە فیڕۆ نەڕوات.

***بەنیازبووی بەشـــداری فیلمێکی ســـینەمایی بکەی چی لێهات؟**

- بەڵێ بەنیـــاز بووم، دەرهێنەرێـــک هات چەند وێنەیەکی گرتم و پێی باش بوو بەشـــداری بکەم وەک پاڵەوانـــی فیلم، بەڵام بۆ من ســـەخت بوو، لەبـــەر ئـــەوەی دەبووایە زیاتر لە ســـێ مانگ دوورکەوتبامەوە لەماڵی خۆم و لەدەرەوەی هەولێر فیلمەکە وێنەی دەگیرا، ئەوەش بۆ من ناخۆش بوو سێ مانگ دووربکەومەوە، گۆرانکاری درووست دەکرد لەژیانم، بەڵام ئێســـتاش ئەگەر فیلمێکی کوردی هەبێت ئامادەم ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا بگێڕم بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی خۆم.

***حەز دەکەی فیلمەکە ئەکشن بێت یان کۆمیدی یان ڕۆمانسی؟**

- زیاتر حەزم لێیە فیلمەکە کۆمیدی بێت.

***شـــانیا لەمەودوا بەنیاز نییە زیاتر لەتەلەفزیۆن دەربکەویت؟**



- بەڵـــێ، ڕۆژی بڵاوبوونـــەوەی ئەلبوومەکـــە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئامادە دەبن، دوای ئەوەش زیاتر لەتەلەفزیۆنەکان دەردەکەوم.

***ئەی کۆنســـێرت لەشـــارەکانی کوردســـتان و وڵاتانی دەرەوە؟**

- زۆر پێم خۆشە کۆنسێرت ساز بکەم، بەمەرجێك شوێنی گونجاو هەبێت، شانۆ و شوێنی جەماوەر زۆر باش بێت. بەنیازم لە وڵاتی سوریا کۆنسێرتێك ساز بکەم.

***کێ یەکەم جار وتی دەنگت خۆشە؟**

- دایکم، هەموو جار گۆرانیم دەوت لەماڵەوە ئەو هانـــی دەدام و پێی وتم دەنگت خۆشـــە و دەبیتە گۆرانیبێژ.

***کاتەکانی ڕۆژت چۆن دابەش دەکەی؟**

- زیاتـــر گۆرانـــی دەڵێم و گـــوێ لەگۆرانی دەگرم.

***نهێنی ئەو خەندەیـــە چییە کە بەردەوام لەتۆدا هەستی پێدەکرێت؟**

-من زۆر گەشبینم بە ژیان و دڵم خۆشە بۆیە بەو شێوەیە دەمبینن.

***ئێستا تاچەند فێری کوردی بووی؟**

- بەهۆی یارمەتی هاوڕێکانمـــەوە کوردییەکەم زۆرباش بووە و بەخێرایی قســـە دەکەم باشترم لە جاران.

***ئەی بەنیاز نیت بەعەرەبی گۆرانی بڵێی؟**

- بەڵێ بەڵام ئەوە بۆ ئێستا نییە بەڵکو لەداهاتوو ئەو کارە دەکەم.

***زیاتر گوێ لەکام هونەرمەند دەگریت ؟**

- ئێســـتا زیاتر گـــوێ لە هۆمـــەری دزەیی، مەرزیە فەریقی و عەباســـی کەمەندی دەگرم. لەعەرەبەکانیـــش فەیروز و کازم ســـاهر و چەند هونەرمەندێکی دیکە.

***حەز دەکەی بگەیتە ئاستی کێ ؟**

- حەز ناکەم بگەم بە ئاستی کەس، دەمەوێ خۆم بم واتە شانیا.

***لەمۆندیال هاندەری کێ بووی؟**

- هیچیـــان، حـــەزم لە فوتبۆڵ نییـــە. پێم وایە شتێکی بێ مانایە.

***ئەی خۆت زیاتر چ وەرزشێك دەکەی؟**

- زیاتر تایکواندۆ و کیك بۆکسینگ، تایکواندۆش یاریەکی خۆشـــە و بۆ بەرگریکردن لە خۆم حەزم دەکرد فێر بم.

***داوات لێنەکـــراوە بـــۆ ڕیـــکلام کـــردن بـــۆ کۆمپانیایەك؟**

- بەڵـــێ کۆمپانیـــای دوموز ڕیـــکلام بۆ ئەو کۆمپانیایە دەکەم.

***ستایلی غەربییت پێ خۆشترە یان خێرا؟**

- وەك دەڵێن کۆکتێل، گۆرانی ڕۆمانسی و خێرا و پۆپ، واتە هەموو ســـتایلێك، بەڵام خۆم زیاتر حەزم لە گۆرانی خەمناك و تەرەبییە.

***لـــە زنجیرە دراماکان ســـەیری کامیان دەکەی لەمانگی ڕەمەزان؟**

- ســـەیری زنجیرە دراماکانی کەناڵی شـــەرقیە دەکەم، چونکە خۆیشم کاتی خۆی ڕۆڵی نواندنم بینیوە لە ساڵی 2002 و 2003، وەك ئەکتەر کارم کردووە.

***دوا وتـــەت چییـــە بـــۆ جەمـــاوەری خۆت و خوێنەرانی گوڵان؟**

- پێیان دەڵێم هەمووتانم خۆشـــدەوێ، گۆڤاری گوڵانیش زۆر پێشکەوتووە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

دیمانە:داریۆ

## ئەحمەد محەمەد بۆ گوڵان

# هەندێک قسە ڕێگخستن هەیە ناویان ناوە شیعر



*** هەڵبژاردنی تێکستی تەمەن لەلایەن مامۆستا کەریم کابان چۆن بوو؟**

- سەرەتا ئەو شیعرەم لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو کردەوە، پاشان ئەو شـــیعرەم لە نامیلکەی عەشق باراندا بڵاو کردەوە ئەو کات، بە خزمەتی مامۆستا کەریم کابان نەگەیشتبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم. خۆشـــبەختانە موزیك ژەن زانای مەحمود هەژار ئاوازی بۆ دانابوو تاوەکو مامۆســـتا کەریم کابان کاری لەسەر بکات، کاتێك بە گۆرانییەکە ئاشنا بووم، وەکو هەموو بیســـەرێك گوێبیســـتی ئەو بەرهەمە بووم. بەڕاستی دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی شـــیعرەکە لە قودرەتی مامۆستا کەریم کابان بوو، لەگەورەیی مامۆستا کەریم کاباندایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی مامۆســـتا کەریم کابان، هەرچەندە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کەریـــم کابـــان نەمرن و ئەو دەنگێکی ڕەســـەنی کوردییە، نیشانەی دەنگێکی ڕەسەنی سلێمانیمان پێ دەڵێت بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

*** زیاتر شـــاعیرەکانی کورد لـــەم زەمەنەدا کار لەسەر تێکستی سەربەست دەکەن، کارکردنی تۆ لە بواری لیریکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەی تۆ لە بواری شیعری گۆرانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ویستم ستایلێك بۆخۆم بدۆزمەوە و شێوازێك بێت کە لاسایی کەس نەکەمەوە و کۆپی کەس نەبم، بە داخەوە هەندێك شیعر هەیە بەس قسە ڕێکخستنەو ناویان ناوە شـــیعر، ئەم لێشاوەی شیعر وایکردووە کـــەوا کۆمەڵێك شـــاعیری دروســـتکردووە کە هەموویان لەیەکتری دەچن، پێموایە ئەو مەجالەی من کاری تیادا دەکەم، هەستم کردووە لەم بوارەدا بۆشاییەك هەبووە و بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بوارە هەوڵم داوە، ســـەیرم دەکرد لەناو عەرەبەکاندا تێکستی زۆرجوان هەن کەوا بە سەدان ساڵ پێش ئێمە وتراون و شـــیعرەکانیان نموونەی شـــیعری غنائیاتن، بەهەمان شێوە بۆ فارسەکانیش. منیش هەمیشـــە بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ ئێمەی کورد بۆ بەشـــێوەیەکی جیا لە فۆلکلۆر و بەشێوەیەکی نوێ خزمەتی شـــیعری گۆرانی کوردی بکەین، هەمیشە ئەم پرســـیارەم دەکرد بۆ ئێمەش شیعری جوانمان نەبێت.

> ***لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا ئەحمەد محەمەدی شاعیر بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن.***

*** تۆ تاچەند کەوتویتەتە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیەوە؟**

- نەکووتوومەتە ژێر کارێگەری ئەدەبی ئەوانەوە، چونکە زۆر بە زمانێکی کوردی لە بەرهەمەکانمدا دەدوێم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەدەبی ئەوان گەشەیەکی زیاتری بەمن کـــردووە و خوێندنەوەیەکی زیاتر و دیدێکی نوێی بە من

*** تاچەند گەشـــبینی بەو گەنجانەی ئەمڕۆ کە لە بواری نووســـین هەوڵەکانیـــان چڕ کردۆتەوە، ئەوانە تاچەند ئومێد دەکەیـــت لە داهاتوودا ببن بە دەنگ؟**

- قســـەکردن لەســـەر ئەو گەنجە نوێیانە هەروا کارێکی ســـاناو سادە نییە. تۆ ناتوانیت بە چەند دێڕێـــك خەڵکێك ڕەفز بکەیـــت و بە چەند دێڕێك خەڵکێـــك بکەیت بـــە نموونە، ئەڵبەتە کەســـێك و وێنـــەی جوانی پێیە و ڕێزمانـــی تەواو نییە، کەســـێکی تر تەکنیکی جوانـــی هەیە و وێنەی جوانی نییە، کەســـێك موسیقا لە شـــیعرەکانیدا هەیە، کەسێکی تر مۆسیقا لە شیعرەکانیدا نییە، بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێســـتا ئەوەندەی بایەخ بـــە وێنەکانیـــان دەدەن و ئەوەنـــدە بایەخ بە قژ و ستایلی روخســـاری خۆیان دەدەن لە سایتەکاندا، ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆکی شـــیعرەکانیان نادەن و ناخوێننەوە، تەنیا لەرێگەی ســـایتەکانەوە نەبێت ڕەنگە شـــتێك ببینن دەنا تاقەتـــی خۆیندنەوەیان نییە.

*** ئـــەو هونەرمەندانـــەی کەوا کاریان لەســـەر تێکســـتەکانی تۆ کـــردووە تاچەنـــد توانیوویانە بەقەدەر هەیمەنەتی شیعرەکە ئەدای گۆرانییەکە بکەن؟**

- دەتوانم هەمیشـــە شـــانازی بـــەو کارە جوانە هونەرییانـــەوە بکەم کەوا توانـــراوە حەقی خۆی بدات بە شـــیعرەکەم، بۆ نموونە هەمیشە شانازی بـــەو بەرهەمەوە دەکـــەم کەوا مامۆســـتا کەریم کابان کاری لەســـەر کردووە، هونەرمەندان ناسری ڕەزاری و مەرزییـــە فەریقـــی و لەیلا فەریقی و دیـــاری قەرەداغی و هانی و بورهان خۆشـــناو خالید ڕەشید و کەمال محەمەد و حەمە جەزا کە ئەمانە کۆمەڵێك هونەرمەندی باشن و هەقیان بە بەرهەمەکانـــم داوە، ببوورن ئەگەر ناوی هەندێك کەسم لە یاد کردبێت و هەندێکێکان خزمەتیان بە شیعری من کردووە، بەڵام هەندێ گۆرانی بێژی تر هەبوون هەم شـــیعرەکەیان بـــاش ئەدا نەکردووە هەم ئاوازەکەی باش نەبووە، دواتریش بەکلیپێکی ناشرین ئەوەندەی تر شیعرەکەیان کوشتووە.

دیمانە: سۆران مارف کەریم



## سوارە محەمەد:

# بەهۆی گۆرانی بێبنەما گوێگری زۆری گۆرانی رەسەن زیاد بووە

*سوارە محەمەد لەدایکبووی سلێمانیە و ساڵانێکی زۆرە لە بواری هونەریدا سەرقاڵی کاری هونەریە. خاوەنی چەندین بەرهەمی جوانە تائێستاش بەردەوامە لە کاری هونەریدا. تایبەت بە گۆڤاری گوڵان وەڵامی چەندین پرسیاری ئێمەی داوەتەوە.*

*** تۆ لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ناسرای، بەڵام زیاتر ناسینت لای گوێگران دوای گۆرانی ئای لە مینا بوو . بۆچی سوارە محەمەد بەرهەمی هونەری کەمە؟**

- هۆی کەمی بەرهەمەکانم ئەوەیە کە ئەگەر بەهەڵە نەچووبم پەلەناکەم. بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری کاتێکی زۆری دەوێت. هۆی سەرقاڵی ژیان و بژێوی خێزان هۆکارێکی تری سەرەکیە بۆ کەمی بەرهەمەکانم.

*** ئایا ئیشکردنی هونەرمەند لەسەر کام تێکستە؟ هونەرمەند کام ئاواز بۆ تێکستەکانی دادەنێ**

- رێزی تەواوم بۆ هەموو برا شاعیرەکان بە ئێستاو رابردووشەوە هەیە. تائێستا هۆنراوەکانی مامۆستایان (مەحوی. نالی. وەفایی) هەست و نەستیان جۆشداوم و بە ترسەوە کارم تێدا کردوون. هۆنراوەی هەر شاعیرێکی ئەم سەردەمەش بەهەمان شێوەی مەحوی و نالی و وەفایی ئارەزوەکانم تێربکەن، ئەوا بە رێز و خۆشەویستییەوە کاریان تێدادەکەم. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت هەموو تێکست و هۆنراوەیەك وێنەو نیگارێکی بە مانای وشەی هۆنراوەکەی تێدایە جا ئافەرین بۆ ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە، ئەو برا مۆسقییە ئەگەر تا رادەیەکی کەمیش بێ لەگەڵ هەستی بەماناو هەڵچوون و داچوونی شاعیر ئاواز دابنێ. لەوە دەچێ ئێمەش بە رادەیەکی زۆرکەم توانیبێتمان ئەو هەستە بەرجەستە بکەین لە گۆرانیەکانمدا.

*** لە چ گۆرانیەکت ناڕازیت؟ پێت باشە ئاوازی کام گۆرانیت بگۆڕی؟**

- ئێمەش وەك هەموو کەسێکی تر کارەکانمان بێ کەموکوڕی و هەڵە نییە. بێگومان هەڵەو کەموکوڕی زۆری تێدایە. داوای لێبوردن دەکەین ئەگەر یەکێك لەو هۆنراوانەی مەحوی و نالی و وەفایی کە بەکارمان هێنابێت و شیاوی دەنگ و وتن و ئاواز و مۆسیقای ئێمە نەبووبێ. بەو هەموو هەڵەو کەموکوڕیانەشەوە پیرۆزن لامان. بەوپەڕی قەناعەتەوە کارمان تێداکردوون. کە لەوپەڕی هەست و دڵسۆزی دڵ و دەروونمان بە ئەنجام گەشتووە. بۆیە لەهەموو کارەکانی خۆمان رازین. ئەگەر بمەوێ سەر لەنوێ دەستاکاری ئاواز و تێکست بکەمەوە. پێموایە کات زۆر گرنگەو بە دڵیشم نەبووبێ تازە رۆیشتوە. با هەوڵبدەین کارێکی باشترو دروستر بەئەنجام بگەیەنین و ئەو کەموکوڕییانەی لە کارەکانی پێشتر بەدی دەکران با لەکارەکانی رابرووماندا بەدی نەکرێ.

*** ئەگەر ئێستا سەرەتای کاری هونەریت بوایە. یەکەم گۆرانیت بە چ ستایلێك تۆماردەکرد؟**

**- هەر بەم شێوازەی ئێستا.**

*** واهەست ناکەی هونەری رەسەنی کوردی لە ماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی رابردوو چالاکتربووە؟**

- بە هۆی زۆربوونی گۆرانی بێتام و بێ پەیامێکی دروست و بنیادنەر. کە ئەم هۆیەش بووەتە هۆی ئەوەی کە گوێگرێکی زۆر باش و زەوق بەرز دروست ببێ کە پێچەوانەی ئەو هۆیانەی سەرەوەن. ئەمەش وادەکات شێوازی هونەری رەسەن کەمبێت. پێی دەڵێن هونەری بەرز و درەوشاوە و بنیادنەر چالاك تردەبێ.

*** بەرهەمی نوێت چی دەبێ؟**

- زۆر حەزدەکەم بەرهەمی نوێم هەبێ. بەڵام دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم تابتوانم بە ئەنجامی بگەیەنم. هۆ سەرەکیەکەشی پەیداکردنی بودجەیە. کە تەنیا بە هەوڵ و گیرفانی خۆم ئەنجام دەدرێ.

*** پێت خۆشە لەگەڵ کچانی هونەرمەند گۆرانی بڵێی؟ ئەگەر پێشنیارێکی لەوجۆرە هەبێت. پێت خۆشە لەگەڵ کام کچە هونەرمەند گۆرانی بڵێیت؟**

- تائێستا هیچ بیرۆکەیەکی وا لە ئارادا نییە، ئەگەر کارێکی وا هاتە پێشەوە، ئەوا لەو کاتەدا باسی خۆی دەبێ.


*** پێت خۆشە کام هونەرمەند ئاوازی گۆرانیەکانت بۆ دابنێ لە کورد یان بیانی؟**

- هەر کەسێك هاوسۆز بێ لەگەڵمدا. بە خۆشحاڵییەوە ئاوازی لێوەردەگرم. ئاوازیشیان بۆ داناوم.

*** بۆت دەست بدات پێت خۆشە لەکام شار و گوند کوردستاندا نیشتەجێ بی؟**

-هەموو بەشێکی وڵاتەکەم. کە کوردستانی رۆحم بەماڵی خۆم دەزانم.

# گرنگترین شتەکانی هەیفا وەهبی



هونەرمەندی لوبنانی هەیفا وەهبی ڕایگەیاند ئەو کاتانەی نوێژ دەکات و قورئان دەخوێنێتەوە گرنگترین کاتن لەژیانیدا، بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزان ڕۆژانە قورئان دەخوێنێتەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەست بە ئارامی دەروونی و دڵنیایی بکات. لە درێژەی قسەکانیدا هەیفا وتی »لەوکاتەی تەمەنم حەفت ساڵ بووە ڕۆژوو دەگرم، زۆر دڵمخۆش بوو کاتێك تا بانگی ئێوارە بە ڕۆژوو دەبووم«

# تۆم کروز داوا لەبێکهام دەکات بەشداری فیلمەک



ئەستێرەی تۆپی پێی ئینگلیزی دیڤید بێکهام ڕەتی کردەوە کە بەشداری نوێترین فیلمی ئەکتەری جیهانی تۆم کروزدا بکات. لەماوەی ڕابردوودا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بێکهام بەشداری فیلمێك دەکات لەپاڵەوانییەتی تۆم کروز لەهەمان کاتدا هەندێ سەرچاوە ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە گوایە بێکهام نیازی هەیە لە داهاتوودا ڕوو بکاتە جیهانی نواندن ڕەتکردەوە و بە پروپاگەندەی نادروستی لەقەڵەمدان. لەلایەکی ترەوە تۆم کروز داوای لە بێکهام کرد کە ئەگەر بۆ چەند دیمەنێکیش بێت بەشداری فیلمەکەی بکات، کروز وتی: بێکهام شێوەی لە ئەستێرەکانی هۆلیۆد دەچێت و دڵنیام سەرکەوتوو دەبێت.

شایەنی وتنە پێوەندی هاوڕێیەتی تۆم کروز و دیڤید بێکهام دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2003.

# مونا شەلەبی: چوومەتە عومرە، بەڵام حیجابم نەپۆشیوە



کچە ئەکتەری میسری مونە شەلەبی ئەو هەواڵانەی ڕەت کردەوە کە گوایە حیجابی پۆشیوە و وازی لە کاری هونەری نواندن هێناوە.

مونە بێئاگایی خۆی لەو نامانە و سەرچاوەکەی ڕاگەیاند کە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەرەکەی نێردراون و هەواڵی ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنن کە دوای ئەنجامدانی عومرە وازی لە کاری هونەری هێناوە و حیجابی پۆشیوە، مونە لەم بارەیەوە وتی: ئەمە شتێکی گونجاو و ڕاست نییە، چونکە بەئەنجام گەیاندنی عومرە هیچ پێوەندییەکی بە پۆشینی حیجاب و وازهێنان لەکاری هونەری نییە و زۆر لە هونەرمەندان پێشتریش عومرەیان کردووە و ئێستاش بەردەوامن لە کاری هونەری و زۆریش سەرکەوتوون لە بوارەکەی خۆیاندا، دەربارەی سەرچاوەی نامەکانیش وتی: بێگومان ئەمە کەسێکە کە سەرکەوتوو نییە لە ژیانی خۆیدا یان بێ ئیشە و دەرفەتی ئەوەی هەیە sms ی بەخۆڕایی بنێرێ.



# وێنەگرتنی بەشی دووەم و سێیەمی ئەڤاتار لەیەک کاتدا

دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی جیمس کامیرۆن بەنیازە بەشی دووەم و سێیەمی فیلمی ئاڤاتار لەیەك کات کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام بدات و لەدووکاتی جیاواز بڵاویان بکاتەوە. بەپێی ئەو پلانەی دەرهێنەر و ستافی فیلمەکە کاری لەسەر دەکەن پێدەچێت لەساڵی 2014 بەشی دووەمی نمایش بکرێت و بەشی سێیەمی لە ساڵی 2015 بڵاو بکرێتەوە. جیمس کامیرۆن یەکێکە لەناودارترین دەرهێنەرانی جیهان و هەر ئەویش خاوەنی پڕفرۆشترین دوو فیلمە لەمێژوودا یەکەمیان ئاڤاتار کە داهاتەکەی دوو ملیار و 700 ملیۆن دۆلار بوو ئەوی تریش فیلمی تایتانیك.

## ـەی بکات






www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com



# شانیا بۆ گوڵان:

# زۆر گەشبین و دڵخۆشم بە ژیان

شانیا بە ڕەچەڵەك عەرەبە، کەچی بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێ ئەمەش لە بواری هونەری تا ڕادەیەك سەرکەوتنە، ماوەیەك بوو خەریکی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی تایبەتی خۆی بوو کە لە چەند گۆرانییەك پێکدێت،کەچی ئەو بەرهەمەی بڵاونەکرایەوە و هۆکارەکانی بڵاو نەکردنەوەیشی شاراوە بوون، بەڵام ئێستا بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە، بۆ باس کردن لە بەرهەمەکەی و چەند پرسێکی دیکە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.

***دوا هەواڵی ئەلبوومەکەت چییە؟**

- ئەلبوومەکـــەم هەموو کارەکانـــی تەواو بووە و لەجەژن بڵاو دەبێتەوە.

***بۆچی ئەوەندە دواکەوت؟**

- بەهۆی نەبوونی هاوکارییەوە بوو، پێشـــتریش وتومە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی یەکسان هاوکاری هونەرمەندان ناکات، ئەمە بووە هۆکاری دواکەوتنی ئەلبوومەکەم، بەڵام ئێستا بە هاوکاری کۆمپانیای دومـــوز ئەلبوومەکەم بڵاو دەکەمەوە و زۆربەی خەرجی ئەلبوومەکەم لە ســـەر شانی خۆم بووە.

***پێت وایە پێشتر بڵاوکرابایەوە باشتر نەبوو؟**

- بەڵێ باشـــتر بـــوو، بەڵام ئێســـتاش کاتێکی گونجاوە.

***چەند گۆرانی کلیپ دەکەی؟**

- زۆربەی هونەرمەندە جیهانییەکان ئەلبوومەکانیان زیاتـــر لە پازدە گۆرانییـــە و تەنها یەك گۆرانی کلیپ دەکەن، خۆشـــم تەنها یەك گۆرانیم کلیپ کـــردووە و ئێســـتا بەنیـــازی کلیپکردنی هیچ گۆرانییەکی دیکە نیم.

***کلیپەکە لەکوێ وێنەی گیراوە و دەرهێنەرەکەی کێیە؟**

- لەناو هەولێر و دەوروبەری کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، محەمەد جەمیل دەرهێنەری کلیپەکەیە،من زۆر کلیپەکەم پێ جوانە.

***ئەی تێکست و ئاوازی گۆرانییەکان؟**

هۆنراوەکان لەلایەن شاعیران:مامۆســـتا شـــێرکۆ بێکـــەس، دکتـــۆر ئـــاراس عەبدولکەریم،ڕەنج ســـەنگاوی، هەڵکـــەوت زاهیر، حەمەســـەعید ئیبراهیم،هێمـــن قەســـرەیی، دەربـــاز یونـــس نووسراون، گشـــت گۆرانیەکانیش لەئاوازی کاك هەڵکەوت زاهیرە.

***چیرۆکی کلیپەکە باس لە چی دەکات؟**

- کلیپەکە خۆی موفاجەئەیە، بەشـــێوەیەکی زۆر جـــوان کاری مۆنتاژ و وێنەگرتنـــی بۆ کراوە، ناوەڕۆکی کلیپەکە خۆی لە ڕێزگرتنم لەئافرەتی کورد و مێژووی ئافرەتی کورد دەبینێتەوە.

***دوای بڵاوبوونـــەوەی ئەلبوومەکـــە نیازی چیت هەیە؟**

- وەك وتـــم لەجەژن ئەلبوومەکە بڵاو دەبێتـــەوە، هەمـــان کات لەجەژن لەبەرنامەیەکـــی تەلەفزیۆنـــی دەردەکـــەوم و بەرنامەیەکـــی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە، دڵنیام جەماوەر و بینەران زۆر بە دڵیان دەبێت.

***ئەی چیت کردووە بۆ ئەوەی کۆپی نەکرێت؟**

- بیرمـــان لـــەوە دۆزینـــەوەی چارەســـەرێك کردۆتەوە بۆ ئەو بابەتە، داواشم لە هەموو کەس ئەوەیە سیدی ئۆرجیناڵ بکڕن نەك کۆپی تاکو ماندووبوونمان بە فیڕۆ نەڕوات.

***بەنیازبووی بەشـــداری فیلمێکی ســـینەمایی بکەی چی لێهات؟**

- بەڵێ بەنیـــاز بووم، دەرهێنەرێـــك هات چەند وێنەیەکی گرتم و پێی باش بوو بەشـــداری بکەم وەك پاڵەوانـــی فیلم، بەڵام بۆ من ســـەخت بوو، لەبـــەر ئـــەوەی دەبووایە زیاتر لە ســـێ مانگ دوورکەوتبامەوە لەماڵی خۆم و لەدەرەوەی هەولێر فیلمەکە وێنەی دەگیرا، ئەوەش بۆ من ناخۆش بوو سێ مانگ دووربکەومەوە، گۆرانکاری درووست دەکرد لەژیانم، بەڵام ئێســـتاش ئەگەر فیلمێکی کوردی هەبێت ئامادەم ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا بگێڕم بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی خۆم.

***حەز دەکەی فیلمەکە ئەکشن بێت یان کۆمیدی یان ڕۆمانسی؟**

- زیاتر حەزم لێیە فیلمەکە کۆمیدی بێت.

***شـــانیا لەمەودوا بەنیاز نییە زیاتر لەتەلەفزیۆن دەربکەویت؟**

- بەڵـــێ، ڕۆژی بڵاوبوونـــەوەی ئەلبوومەکـــە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئامادە دەبن، دوای ئەوەش زیاتر لەتەلەفزیۆنەکان دەردەکەوم.

***ئەی کۆنســـێرت لەشـــارەکانی کوردســـتان و وڵاتانی دەرەوە؟**

- زۆر پێم خۆشە کۆنسێرت ساز بکەم، بەمەرجێك شوێنی گونجاو هەبێت، شانۆ و شوێنی جەماوەر زۆر باش بێت. بەنیازم لە وڵاتی سوریا کۆنسێرتێك ساز بکەم.

***کێ یەکەم جار وتی دەنگت خۆشە؟**

- دایکم، هەموو جار گۆرانیم دەوت لەماڵەوە ئەو هانـــی دەدام و پێی وتم دەنگت خۆشـــە و دەبێتە گۆرانیبێژ.

***کاتەکانی ڕۆژت چۆن دابەش دەکەی؟**

- زیاتـــر گۆرانـــی دەڵێم و گـــوێ لەگۆرانی دەگرم.

***نهێنی ئەو خەندەیـــە چییە کە بەردەوام لەتۆدا هەستی پێدەکرێت؟**

-من زۆر گەشـــبینم بە ژیان و دڵم خۆشە بۆیە بەو شێوەیە دەمبینن.

***ئێســـتا تاچەند فێـــری کوردی بووی؟**

- بەهـــۆی یارمەتـــی هاوڕێکانمەوە کوردییەکـــەم زۆربـــاش بووە و بەخێرایی قسە دەکەم باشترم لە جاران.

***ئەی بەنیاز نیت بەعەرەبی گۆرانی بڵێی؟**

- بەڵێ بەڵام ئەوە بۆ ئێستا نییە بەڵکو لەداهاتوو ئەو کارە دەکەم.

***زیاتر گوێ لەکام هونەرمەند دەگریت ؟**

- ئێســـتا زیاتر گـــوێ لە هۆمـــەری دزەیی، مەرزیە فەریقی و عەباســـی کەمەندی دەگرم. لەعەرەبەکانیـــش فەیروز و کازم ســـاهر و چەند هونەرمەندێکی دیکە.

***حەز دەکەی بگەیتە ئاستی کێ ؟**

- حەز ناکەم بگەم بە ئاستی کەس، دەمەوێ خۆم بم واتە شانیا.

***لەمۆندیال هاندەری کێ بووی؟**

- هیچیـــان، حـــەزم لە فوتبۆڵ نییـــە. پێم وایە شتێکی بێ مانایە.

***ئەی خۆت زیاتر چ وەرزشێك دەکەی؟**

- زیاتر تایکواندۆ و کیك بۆکسینگ، تایکواندۆش یاریەکی خۆشـــە و بۆ بەرگریکردن لە خۆم حەزم دەکرد فێر بم.

***داوات لێنەکـــراوە بـــۆ ڕیـــکلام کـــردن بـــۆ کۆمپانیایەك؟**

- بەڵـــێ کۆمپانیـــای دوموز ڕیـــکلام بۆ ئەو کۆمپانیایە دەکەم.

***ستایلی غەرییبیت پێ خۆشترە یان خێرا؟**

- وەك دەڵێن کۆکتێل، گۆرانی ڕۆمانسی و خێرا و پۆپ، واتە هەموو ســـتایلێك، بەڵام خۆم زیاتر حەزم لە گۆرانی خەمناك و تەرەبییە.

***لـــە زنجیرە دراماکان ســـەیری کامیان دەکەی لەمانگی ڕەمەزان؟**

- ســـەیری زنجیرە دراماکانی کەناڵی شـــەرقیە دەکەم، چونکە خۆیشم کاتی خۆی ڕۆڵی نواندنم بینیوە لە ساڵی 2002 و 2003، وەك ئەکتەر کارم کردووە.

***دوا وتـــەت چییـــە بۆ جەمـــاوەری خۆت و خوێنەرانـــی گوڵان؟**

- پێیـــان دەڵێم هەموو تانـــم خۆشـــدەوێ، گۆڤـــاری گوڵانیـــش زۆر پێشـــکەوتووە و هیـــوای ســـەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.



ئەحمەد محەمەد بۆ گوڵان

# هەندێک قسە ڕێکخستن هەیە ناویان ناوە شیعر



*** هەڵبژاردنی تێکستی تەمەن لەلایەن مامۆستا کەریم کابان چۆن بوو؟**

- سەرەتا ئەو شیعرەم لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو کردەوە، پاشان ئەو شـیعرەم لە نامیلکەی عەشق باراندا بڵاو کردەوە ئەو کات، بە خزمەتی مامۆستا کەریم کابان نەگەیشتبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم. خۆشـبەختانە موزیك ژەن زانای مەحمود هەژار ئاوازی بۆ دانابوو تاوەکو مامۆسـتا کەریم کابان کاری لەسەر بکات، کاتێك بە گۆرانییەکە ئاشنا بووم، وەکو هەموو بیسـەرێك گوێبیسـتی ئەو بەرهەمە بووم. بەڕاستی دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی شـیعرەکە لە قودرەتی مامۆستا کەریم کابان بوو، لەگەورەیی مامۆستا کەریم کاباندایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی مامۆسـتا کەریم کابان، هەرچەندە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کەریـم کابـان نەمرن و ئەو دەنگێکی ڕەسـەنی کوردییە، نیشانەی دەنگێکی ڕەسەنی سلێمانیمان پێ دەڵێت بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

*** زیاتر شـاعیرەکانی کورد لـەم زەمەنەدا کار لەسەر تێکستی سەربەست دەکەن، کارکردنی تۆ لە بواری لیریکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەی تۆ لە بواری شیعری گۆرانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ویستم ستایلێك بۆخۆم بدۆزمەوە و شێوازێك بێت کە لاسایی کەس نەکەمەوە و کۆپی کەس نەبم، بە داخەوە هەندێك شیعر هەیە بەس قسە ڕێکخستنەو ناویان ناوە شـیعر، ئەم لێشاوەی شیعر وایکردووە کـەوا کۆمەڵێك شـاعیری دروسـتکردووە کە هەموویان لەیەکتری دەچن، پێموایە ئەو مەجالەی من کاری تیادا دەکەم، هەستم کردووە لەم بوارەدا

> ***لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا ئەحمەد محەمەدی شاعیر بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن.***

بۆشاییەك هەبووە و بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بوارە هەوڵم داوە، سـەیرم دەکرد لەناو عەرەبەکاندا تێکستی زۆرجوان هەن کەوا بە سەدان ساڵ پێش ئێمە وتراون و شـیعرەکانیان نموونەی شـیعری غنائیاتن، بەهەمان شێوە بۆ فارسەکانیش. منیش هەمیشـە بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ ئێمەی کورد بۆ بەشـێوەیەکی جیا لە فۆلکلۆر و بەشێوەیەکی نوێ خزمەتی شـیعری گۆرانی کوردی بکەین، هەمیشە ئەم پرسـیارەم دەکرد بۆ ئێمەش شیعری جوانمان نەبێت.

*** تۆ تاچەند کەوتویتەتە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیەوە؟**

- نەکووتوومەتە ژێر کارێگەری ئەدەبی ئەوانەوە، چونکە زۆر بە زمانێکی کوردی لە بەرهەمەکانمدا دەدوێم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەدەبی ئەوان گەشەیەکی زیاتری بەمن کـردووە و خوێندنەوەیەکی زیاتر و دیدێکی نوێی بە من

*** تاچەند گەشـبینی بەو گەنجانەی ئەمڕۆ کە لە بواری نووسـین هەوڵەکانیـان چڕ کردۆتەوە، ئەوانە تاچەند ئومێد دەکەیـت لە داهاتوودا ببن بە دەنگ؟**

- قسـەکردن لەسـەر ئەو گەنجە نوێیانە هەروا کارێکی سـاناو سادە نییە. تۆ ناتوانیت بە چەند دێرێـك خەڵکێك ڕەفز بکەیـت و بە چەند دێرێك خەڵکێـك بکەیت بـە نموونە، ئەڵبەتە کەسـێك و وێنـەی جوانی پێیە و ڕێزمانـی تەواو نییە، کەسـێکی تر تەکنیکی جوانـی هەیە و وێنەی جوانی نییە، کەسـێك موسیقا لە شـیعرەکانیدا هەیە، کەسێکی تر مۆسیقا لە شیعرەکانیدا نییە، بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێسـتا ئەوەندەی بایەخ بـە وێنەکانیـان دەدەن و ئەوەنـدە بایەخ بە قژ و ستایلی روخسـاری خۆیان دەدەن لە سایتەکاندا، ئەوەندە بایەخ بە ناوەڕۆکی شـیعرەکانیان نادەن و ناخوێننەوە، تەنیا لەڕێگەی سـایتەکانەوە نەبێت ڕەنگە شـتێك ببینن دەنا تاقەتـی خۆیندنەوەیان نییە.

*** ئـەو هونەرمەندانـەی کەوا کاریان لەسـەر تێکسـتەکانی تۆ کـردووە تاچەنـد توانیوویانە بەقەدەر هەیمەنەتی شیعرەکە ئەدای گۆرانییەکە بکەن؟**

- دەتوانم هەمیشـە شـانازی بـەو کارە جوانە هونەرییانـەوە بکەم کەوا توانـراوە حەقی خۆی بدات بە شـیعرەکەم، بۆ نموونە هەمیشە شانازی بـەو بەرهەمەوە دەکـەم کەوا مامۆسـتا کەریم کابان کاری لەسـەر کردووە، هونەرمەندان ناسری ڕەزاری و مەرزییـە فەریقـی و لەیلا فەریقی و دیـاری قەرەداغی و هانی و بورهان خۆشـناو خالید ڕەشید و کەمال محەمەد و حەمە جەزا کە ئەمانە کۆمەڵێك هونەرمەندی باشن و هەقیان بە بەرهەمەکانـم داوە، ببوورن ئەگەر ناوی هەندێك کەسم لە یاد کردبێت و هەندێکێکان خزمەتیان بە شیعری من کردووە، بەڵام هەندێ گۆرانی بێژی تر هەبوون هەم شـیعرەکەیان بـاش ئەدا نەکردووە هەم ئاوازەکەی باش نەبووە، دواتریش بەکلیپێکی ناشرین ئەوەندەی تر شیعرەکەیان کوشتووە.



## سوارە محەمەد:

# بەهۆی گۆرانی بێبنەما گوێگری زۆری گۆرانی رەسەن زیاد بووە

*سوارە محەمەد لەدایکبووی سلێمانیە و ساڵانێکی زۆرە لە بواری هونەریدا سەرقاڵی کاری هونەریە. خاوەنی چەندین بەرهەمی جوانە تائێستاش بەردەوامە لە کاری هونەریدا. تایبەت بە گۆڤاری گوڵان وەڵامی چەندین پرسیاری ئێمەی داوەتەوە.*

*** تۆ لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ناسرای، بەڵام زیاتر ناسینت لای گوێگران دوای گۆرانی ئای لە مینا بوو . بۆچی سوارە محەمەد بەرهەمی هونەری کەمە؟**

- هۆی کەمی بەرهەمەکانم ئەوەیە کە ئەگەر بەهەڵە نەچووبم پەلەناکەم. بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری کاتێکی زۆری دەوێت. هۆی سەرقاڵی ژیان و بژێوی خێزان هۆکارێکی تری سەرەکیە بۆ کەمی بەرهەمەکانم.

*** ئایا ئیشکردنی هونەرمەند لەسەر کام تێکستە؟ هونەرمەند کام ئاواز بۆ تێکستەکانی دادەنێ**

- رێزی تەواوم بۆ هەموو برا شاعیرەکان بە ئێستاو رابردووشەوە هەیە. تائێستا هۆنراوەکانی مامۆستایان (مەحوی. نالی. وەفایی) هەست و نەستیان جۆشداوم و بە ترسەوە کارم تێدا کردوون. هۆنراوەی هەر شاعیرێکی ئەم سەردەمەش بەهەمان شێوەی مەحوی و نالی و وەفایی ئارەزوەکانم تێربکەن، ئەوا بە رێز و خۆشەویستییەوە کاریان تێدادەکەم. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت هەموو تێکست و هۆنراوەیەك وێنەو نیگارێکی بە مانای وشەی هۆنراوەکەی تێدایە جا ئافەرین بۆ ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە، ئەو برا مۆسقییە ئەگەر تا رادەیەکی کەمیش بێ لەگەڵ هەستی بەماناو هەڵچوون و داچوونی شاعیر ئاواز دابنێ. لەوە دەچێ ئێمەش بە رادەیەکی زۆرکەم توانیبێتمان ئەو هەستە بەرجەستە بکەین لە گۆرانیەکانمدا.

*** لە چ گۆرانیەکت ناڕازیت؟ پێت باشە ئاوازی کام گۆرانیت بگۆڕی؟**

- ئێمەش وەك هەموو کەسێکی تر کارەکانمان بێ کەموکوڕی و هەڵە نییە. بێگومان هەڵەو کەموکوڕی زۆری تێدایە. داوای لێبوردن دەکەین ئەگەر یەکێك لەو هۆنراوانەی مەحوی و نالی و وەفایی کە بەکارمان هێنابێت و شیاوی دەنگ و وتن و ئاواز و مۆسیقای ئێمە نەبووبێ. بەو هەموو هەڵەو کەموکوڕیانەشەوە پیرۆزن لامان. بەوپەڕی قەناعەتەوە کارمان تێداکردوون. کە لەوپەڕی هەست و دڵسۆزی دڵ و دەروونمان بە ئەنجام گەشتووە. بۆیە لەهەموو کارەکانی خۆمان رازین. ئەگەر بمەوێ سەر لەنوێ دەستاکاری ئاواز و تێکست بکەمەوە. پێموایە کات زۆر گرنگەو بە دڵیشم نەبووبێ تازە رۆیشتوە. با هەوڵبدەین کارێکی باشترو دروستر بەئەنجام بگەیەنین و ئەو کەموکوڕییانەی لە کارەکانی پێشتر بەدی دەکران با لەکارەکانی رابرووماندا بەدی نەکرێ.

*** ئەگەر ئێستا سەرەتای کاری هونەریت بوایە. یەکەم گۆرانیت بە چ ستایلێك تۆماردەکرد؟**

**- هەر بەم شێوازەی ئێستا.**

*** واهەست ناکەی هونەری رەسەنی کوردی لە ماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی رابردوو چالاکتربووە؟**

- بە هۆی زۆربوونی گۆرانی بێتام و بێ پەیامێکی دروست و بنیادنەر. کە ئەم هۆیەش بووەتە هۆی ئەوەی کە گوێگرێکی زۆر باش و زەوق بەرز دروست ببێ کە پێچەوانەی ئەو هۆیانەی سەرەوەن. ئەمەش وادەکات شێوازی هونەری رەسەن کەمبێت. پێی دەڵێن هونەری بەرز و درەوشاوە و بنیادنەر چالاك تردەبێ.

*** بەرهەمی نوێت چی دەبێ؟**

- زۆر حەزدەکەم بەرهەمی نوێم هەبێ. بەڵام دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم تابتوانم بە ئەنجامی بگەیەنم. هۆ سەرەکیەکەشی پەیداکردنی بودجەیە. کە تەنیا بە هەوڵ و گیرفانی خۆم ئەنجام دەدرێ.

*** پێت خۆشە لەگەڵ کچانی هونەرمەند گۆرانی بڵێی؟ ئەگەر پێشنیارێکی لەوجۆرە هەبێت. پێت خۆشە لەگەڵ کام کچە هونەرمەند گۆرانی بڵێیت؟**

- تائێستا هیچ بیرۆکەیەکی وا لە ئارادا نییە، ئەگەر کارێکی وا هاتە پێشەوە، ئەوا لەو کاتەدا باسی خۆی دەبێ.


*** پێت خۆشە کام هونەرمەند ئاوازی گۆرانیەکانت بۆ دابنێ لە کورد یان بیانی؟**

- هەر کەسێك هاوسۆز بێ لەگەڵمدا. بە خۆشحاڵییەوە ئاوازی لێوەردەگرم. ئاوازیشیان بۆ داناوم.

*** بۆت دەست بدات پێت خۆشە لەکام شار و گوند کوردستاندا نیشتەجێ بی؟**

-هەموو بەشێکی وڵاتەکەم. کە کوردستانی رۆحم بەماڵی خۆم دەزانم.

# رامبۆ خەریک بوو ملی بشکێ



ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی سلڤستەر ستالۆنی (رامبۆ) رایگەیاند کە لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی دوایین فیلمی خۆی بە ناوی (The Expendables) کەوتووەتە خوارەوە بۆیە ناچار بوو نەشتەرگەرییەك ئەنجام بدات.رامبۆ لە میانەی بەرنامەیەکدا کە لە کەناڵی (MBC) پێشکەش کرا لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی فیلمەکە لە بەرازیل لەکاتی ململانێی لەگەڵ پاڵەوانی زۆرانبازێی جیهانی ستیڤن ئۆستن دوو لە ئێسکەکانی ملی تووشی شکان هاتن و یەکسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەیەکی ریۆدی جانیرۆ و دوای ئەنجامدانی پشکنینی تیشکی پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت کە بارودۆخی ترسناکە و رەنگە دووچاری ئیفلیج بوون ببێتەوە بۆیە ناچار بوون نەشتەرگەرییەکی ورد و ترسناکیان بۆی ئەنجامدا و ئێستا بارودۆخی جێگیرە، بەڵام ناتوانێت بەردەوام بێت لە وێنەگرتن بۆیە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو فیلمەکە وەستاوە.

# تۆم کروز داوا لەبێکهام دەکات بەشداری فیلمەک




ئەستێرەی تۆپی پێی ئینگلیزی دیڤید بێکهام ڕەتی کردەوە کە بەشداری نوێترین فیلمی ئەکتەری جیهانی تۆم کروزدا بکات. لەماوەی ڕابردوودا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بێکهام بەشداری فیلمێك دەکات لەپاڵەوانییەتی تۆم کروز لەهەمان کاتدا هەندێ سەرچاوە ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە گوایە بێکهام نیازی هەیە لە داهاتوودا ڕوو بکاتە جیهانی نواندن رەتکردەوە و بە پروپاگەندەی نادروستی لەقەڵەمدان. لەلایەکی ترەوە تۆم کروز داوای لە بێکهام کرد کە ئەگەر بۆ چەند دیمەنێکیش بێت بەشداری فیلمەکەی بکات، کروز وتی: بێکهام شێوەی لە ئەستێرەکانی هۆلیۆد دەچێت و دڵنیام سەرکەوتوو دەبێت.

شایەنی وتنە پێوەندی هاوڕێیەتی تۆم کروز و دیڤید بێکهام دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2003.

# مونا شەلەبی: چوومەتە عومرە، بەڵام حیجابم نەپۆشیوە



کچە ئەکتەری میســری مونە شەلەبی ئەو هەواڵانەی ڕەت کـــردەوە کە گوایە حیجابی پۆشـــیوە و وازی لـــە کاری هونەری نواندن هێناوە.

مونــە بێئاگایــی خــۆی لــەو نامانە و ســـەرچاوەکەی ڕاگەیاند کە بۆ ژمارەیەکی زۆر لـــە جەماوەرەکەی نێـــردراون و هەواڵی ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنن کە دوای ئەنجامدانی عومرە وازی لـــە کاری هونەری هێناوە و حیجابی پۆشیوە، مونە لەم بارەیەوە وتی: ئەمە شـــتێکی گونجاو و ڕاســـت نییە، چونکە بەئەنجام گەیاندنی عومرە هیچ پێوەندییەکـــی بە پۆشـــینی حیجاب و وازهێنان لەکاری هونەری نییە و زۆر لە هونەرمەندان پێشـــتریش عومرەیان کردووە و ئێستاش بەردەوامن لە کاری هونـــەری و زۆریش ســـەرکەوتوون لە بوارەکەی خۆیاندا، دەربارەی سەرچاوەی نامەکانیش وتی: بێگومان ئەمە کەسێکە کە سەرکەوتوو نییە لە ژیانی خۆیدا یان بێ ئیشـــە و دەرفەتی ئەوەی هەیـــە sms ی بەخۆڕایـــی بنێرێ.



# وێنەگرتنی بەشی دووەم و سێیەمی ئەڤاتار لەیەک کاتدا

دەرهێنـــەری نـــاوداری ئەمریکـــی جیمس کامیرۆن بەنیازە بەشـــی دووەم و ســـێیەمی فیلمی ئاڤاتار لەیەك کات کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام بدات و لەدووکاتی جیاواز بڵاویان بکاتـــەوە. بەپێی ئـــەو پلانـــەی دەرهێنەر و ســـتافی فیلمەکـــە کاری لەســـەر دەکەن پێدەچێت لەســـاڵی 2014 بەشی دووەمی نمایش بکرێت و بەشـــی سێیەمی لە ساڵی 2015 بـــڵاو بکرێتـــەوە. جیمس کامیرۆن یەکێکە لەناودارتریـــن دەرهێنەرانی جیهان و هەر ئەویش خاوەنی پرفرۆشـــترین دوو فیلمە لەمێژوودا یەکەمیـــان ئاڤاتار کە داهاتەکەی دوو ملیـــار و 700 ملیۆن دۆلار بوو ئەوی تریش فیلمی تایتانیك.

ـــەی بکات






www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com